كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-7-2007 20:52بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**میری ئەنفالچییان فری یان بۆی دەرپەڕی ... عەلی مەحمود محەمەد**

www. anfal. be



ئەو مەقولەیە وا دێتە دی، جاران کە دەمانووت بۆرژوازی نیشتمانی نییە، خەریکە ئێستا بڵێم هەرچەندە دەوڵەتی نەتەوە مامانی لە دایك بوونی سەرمایەدارییە، وەلێ سەرمایەداران نەتەوەیی نین.
هەندێك دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی لێرەو لەوێ گازندەی ئەوە دەکەن، ئەگەر ناوی ئەو تاوانکارانە لە ڕۆژنامەکان بڵاونەکرانایەتەوە ئەوا هەڵنەهاتن و لە دەست دادپەروەری ڕزگاریان نابوو، لە ڕاستیدا لەو بڕوایەدام ئەگەر ناوەکان بڵاونەکرانایەتەوە، ئەگەری ئەوە زۆربوو بۆیان دابپۆشن و تاوانەکان دێزە بە دەرخۆنە بکەن، وەلێ هەر کە ناوەکان کەوتنە ڕاگەیاندنەکانەوە، ئیتر هیچ بوارێك لەبەردەمدا نەما، تەنها دوو ڕێگا نەبێت، ئەویش یان خۆ بە دەستەوەدان، یان هەڵاتن و خۆشاردنەوەی تاکو مردن، کە لە ئێستا بەدواوە نەوەکانی ڕزگاربوو لە ئەنفال، ئەوانەی هێشتا نەشۆراونەتەوە لە کەرامەتی نەتەوەیی، ڕێکخراوەکانی دژ بە ژینۆساید بە تایبەت ناوەندی چاك، کون بە کون بە دوایانەوە دەبن، ، هەندێکیا لەو پرۆسەیە دادگاییدەکرێن، هەندێکیشیان بە تورەکە بەسەرەوە دەهێنرێنەوە بۆ بەغدا، بەشێکیشیان لە گۆڕیشدا ئاهونالەی ئەنفالەکان وازیان لێ ناهێنن.
لە ڕاستیدا تاوانکاران پێش بڵاوبونەوەی ناوەکانیشیان دەیانزانی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، هەندێکیان لێرەو لەوێ کەوتنە چاوسورکردنەوەو هەڕەشەکردن لە قوربانیان، چونکە ئەو پارتانەی ئێستا دەربازیان دەکەن و پێیان دەڵێن خۆتان ڕزگاربکەن هیچمان پێ ناکرێت، هەر ئەوان بوون هەموو زانیارییەکیان خستۆتە بەردەستیان، وەلێ ڕاگەیاندن هەموو دەرگایەکی لەبەردەمیان داخست، دادگاییکردن و پاککردنەوەی کوردستان لێیان بوو بە ئەمری واقیع، دیارە کەس لەگەڵ تۆڵەدا نییە، وەلێ هەموو لەگەڵ دادگاییکردنین و دەبێت ئەوبەشەی لە مێژووی ئەنفال کە لای تاوانکارە کوردەکانە بنووسرێتەوە، دادگاش باشترین دەروازەیە بۆ ئەو نووسینەوەیە، تاوانبارانیانیش پاداشتی تاوانەکانیان لە ڕێگەی سزای دادگاوە دەبێت وەربگرن.
ماوەیەکە لێرەو لەوێ دەبیستین فلان سەرۆك جاش هەڵات بۆ فلان وڵات، ئەوەی ئاگاداری وردەکارییەکان نەبێت، وا دەزانێت بە مەسیرە تەویلەکەی ماو یان گەشتە مێژووییەکەی بارزانی لە ڕوباری ئاراس سنوورەکان دەبەزێنن، بە برسێتی و ترس و هەناسکە برکێ خۆیان دەگەیەننە ئەودیوسنورەکان، کەچی مخابن وا نییە، بەڵکە موعەزەز و موکەڕەم لەو فرۆدگایانەی ئێمە شانازی بە دروستکردنیانەوە دەکەین و بە دەستکەوتی نەتەوەیی دەزانین، لە ڕێگەی ئەو پارتانەی شەو ڕۆژ باسی ئەنفالمان بۆ دەکات دەربازدەبن، کەچی بریندارانی هەڵەبجە و شێخ وەسانان تاکو ئێستا بە پارەی خۆیان دەچن لە تاران چاویان دەردەهێنن و سییەکانیان فرێ دەدەن، بەڵێ میری ئەنفالچیان، سەرقافڵەی تاوانکاران، قارەمانی قرکردنی خەڵکی گەرمیان، شومەکەی ملەسوورە، فەتاح بەگی جاف وەك زانراوە لە ڕێگەی فرۆدگای سولێمانییەوە گەیشتۆتە لوبانان، ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاست بێت و کارگێری فرۆدگا وەڵام نەداتەوە، ئەوە گەورەترین تاوانە بەرامبەر بە ئەنفالکراوان دەیکات، ئەگەر وا بێت پێویستە هەموو دڵسۆزێك تاکو ئەو گروپ و ستافە لەو فرۆدگایە بن موقاتەعەی بکەن.
ئیتر نازانم لەمەشدا 3ج (سێ جیمەکە) ی فەتاح بەگ یارمەتیدەری بووە بۆ فڕین، ئەوانیش " جاش و جاف و جەلالی "ن، یاخود ئەویش شێرەکەی سەری ڕەش بووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.